# گریانی دەریا

## بەختیار کەریم

ئێواران بە پرسیار دەستمان بە گومانەماچ دەکرد:-

ئەرێ نهێنی گریانەکانی دەریا چیە؟ چیە وا لە خۆڕا دڵی ئاو دەشکێنێت؟ نەورەس سوودی چیە گەر دڵی ئاوێکی تورەی پێنەدرێتەوە؟ چ درۆیەکە فڕین گەر باڵ لە ئافاتەکانی خنکان بەدوورمان نەگرێت؟ چ بێتامە سەدا و چریکەی ئەم پێکەنینانەی ئاسمان، لە شەوی گریانی دەریادا؟ چ تۆفانێکە گەر نسرمیی و شێداری ئەم سایەیە، هەتاوێکی تەزیوو گەرم نەکاتەوە؟ چ تاریکستانێکە گەر شەماڵ پەنای کۆژانەوە ناوەختەکانی چراوگ نەدات؟ چ خولیایەکی بەدە بەربەستکردنی ڕووبار، خنکاندنی چەم و لە پیاسەکردنی جۆگەلە؟ چما تەمەنی گوڵە ئاویەکانی دەریا بە چیرۆکی گوێچکەماسیە پەژموردەکان درێژ نابێتەوە؟ بۆ بادی سەبا چیدی نامەکانی غوربەتی چەم نابات و تەنهایی ئاو بەم پۆستەچیە وشکە بێدڵانەدا دەنێرێت؟ چ وشکەساڵێکی سەرمەدیە ئەم پەڵەی ڕەحمەتە، کاتێك تەرزە دڵی شووشەیی نازناز دەکات بە خرخاڵ؟ ئەم زیکر و تەهلیلەیە لەپای چی کە چیکڵدانەی هەرسکردنی چەهچەی ناوەختی کەناریمان نەبێت؟ کە دەریا بە سایەقەی ساماڵ نیگەران بێت، گوێگرتن لە جریوەی ئەستێران لەپای چی یاران؟ گەلی مرۆ باران تاوانی چیە وا دڵی تەڕبوونێکی بە چەتری ترسنۆکیتان دەشکێنن؟ نهێنی هەنسکەکانی دەریا لە کوێی ئەم گریانانەدایە؟ دەریا بۆ ژیرنابێتەوە؟ دیارە سووتانی پەورانە بەسنیە بۆ گەرمکردنەوەی دەریا؟ چما مەلە نەکردنی ماسی بەسنیە بۆ ژێربوونەوەی دەریا؟ یان دەریا مەحکومە بە فرمێسکڕشتن، وەك چۆن ئێمە مەحکومین بە خوێنڕشتن؟

دەنگێکی تەڕ لە هیچ کوێوە چرپاندی گەر کۆتاییەك نەبێت بۆ گەمەی ئەم پرسیارانە و گەر چارەیەک شکنابەن بۆ ئافاتی ئەم گومانانە؟ من پێتان دەڵێم چاوی گریاوی دەریا وەك دیدەی تەڕی پرسیارەکانی ئێوە هیشکنابێتەوە!!

ئێواران
بە گومانی نەورەسێکی باڵکراوەوە لە غەریزەی فڕینمان دەڕوانی
بە بێباکی ئاوێکی تەنهاوە و لەخۆڕا دەڕژاینە سکوونی دەریایەکی تەنهاترەوە
بە خەمی پەپولەیەکی نەفی کراوەوە
لێومان لە شیلەی گوڵەمێلاقێکی وشک دەنا
بە نیگەرانی ماسیەکی مەستەوە
گەرووی توونێتییمان بە سەرابی بەهەشتێک لە وەهم پاراودەکرد
کۆڵێ پێکەنینی جوانەمەرگمان بە دیاری بۆ شەوبۆ دەبرد
تا لە گوناهەکانی باخەوان ببورێت
بە فێڵی جادوگەرێکی بەسەلیقەوە
خۆڵمان دەپرژاندە چاوی سپێدەیەکی نابیناوە
کە خۆری لە خۆی تۆراندبوو
بە ژانی تاڵی زامێکی شیرینخوێنەوە
کەلێنمان دەکردە دڵی مانگ و ئەستێرە
بە دڵڕەقی موسافیرێکی بێباکەوە گەڵا زەردباوەکانمان
لە دوا خەونی بەر لە هەڵوەرین ڕادەچڵەکاند
بە دوودڵی خوایەکی کەم ئەزمونەوە
سەرلەنوێ نەخشەی بوونمان دەکێشایەوە
هێند کاڵفامبووین باڵمان لە نەورەس و پەپولە دەسەندەوە و
بە ماسی و کیسەڵمان دەبەخشی!
ئێواران
لە پرسەی ڕۆحی قەقنەسێکی باشوریدا
سەمایەکی شینی کاڵمان لەم باکوری مەرگەدا
بۆ خواوەندی عیشق نمایش دەکرد
لە چاوی کونەپەپویەکی گرۆزدا ئێوە
خۆت و کۆڵەپشتێ گەڵای وەریو
خۆت و کەشکۆڵێ پەپولەی باریو
خۆت و دیوانێ شیعری هەتیو
خۆت و کەشتیەک نەورەسی فڕیو
دەبونە هێشویەک ئەشکی قەتیسماو و
دەتکانە مێرگوزاری سوتماکی تەنهاییمەوە
لە نزیک نزیکەوە گوێ بیستی وردوخاش بوونم دەبوون

من وەک داری گەندەڵی ژێر ڕەحمی دەنوکی دارکونکەرە خرم خرم دەشکام
ئێوەش وەک دێمێ گوڵەبەڕۆژەی شەرمن
ڕووەو ناخی زەوی دەچەمینەوە
لەتەک ناخودایەکی مێینەی نێرینەترین دەریا ئێمە
من و بەلەمێک گوێچکەماسی تاساو
من و ئاتەشێک قەقنەسی سوتاو
من و قەرتاڵەیەک ماچی کوژراو
من و ڕەهێڵەیەک حەرفی ڕژاو
دەبارینە مەرگی ئێوارەیەکتەوە
لە ژوورە گڕۆزەکەتدا و لە ژوور سەرمەوە
سێگاری گریانێکت پێدەکرد و
پێکی وەنەوشەی مەرگێکت لە چاوم هەڵدەدا
مۆم ئاسا کز کز بە گڕی تاریکیم دادەگیرسایت
نازناز ئاسا عیشوەت بە ڕۆحی نەورەسێک دەفرۆشت
کە گەمەکانی بازاڕی نەشئە بەڵەدنەبوو
ئێواران تۆ پەپولەیەک بوویت
ناڕازی بە تەلیسمی وەنەوشەیی هەڵاڵەی باخچەکانی بەهەشت
یاخی لە عەرشی هەمیشە سەوزی سنەوبەر
وەڕس لە دوودڵی ڕەنگی شاتوو لە نێوان ڕەش/مەرگ و سوور/چێژ
تورە لە بێباکی ماچ لە هەمبەر خوێناویبوونی لێو
منیش نەورەسێک نابینا، لاڵ، خەسیو
دەمڕوانییە ئەودیو سنوورەکانی ئاو
گۆرانیم بۆ ئەو شەماڵە پیرانە دەچڕی
کە بڕیان نەدەکرد بگەنە جێ ژوان
سەرجێیم لەتەک ئەو ڕاهیبانە دەکرد
کە سووری خوێنیان لە سووری شەراب جیانەدەکردەوە

چ ئێوارانێکی بەد بوون!
جەنگەکان گێژەڵوکە بوون
پەپولەیان بەسەر گوڵەوە نەهێشت
چ ئێوارانێکی بەد بوون!
عەشقەکان قەقنەس بوون
نەورەس نەما بە ئاسمانەوە نەیسووتێنن
تۆ پەپولەیەکی قەرەج زادە

فەرزەندی چەقۆکێشترین خێڵی کۆچەری
شازادەی عەیاری پەنهانترین، سامناکترین شاهنشای خەیاڵ
لەسەر گۆنای چەپت ناوی جەنگەکان تۆمارکرابوو
باڵەکانت غوباری شەڕگەکانیان لێدەتکا
منیش نەورەسێکی شەڕخواز
کوڕی دەریایەک کە ئاوە و ئاو دەچێتەوە سەر خوێن
باڵداری ئاسمانێک کە فڕینا و فڕین
دەگاتەوە سەر سنوورە پیرۆزەکان
مێژووی مەرگی وەرزەکانم دەنووسیەوە و
نەخشەی خوێناویترن شەڕم دەکێشا
(کە گەر هەڵایسێت ئەلبومی هەموو نیگارکێشەکان سوور دادەگەڕێت)
چ ئێوارەیەکی بێڕەنگ بوو
لە دووڕیانی وێڵبووندا پێکدەگەیشتین
سۆراخی زیندەگیەکمان دەکرد لە مردن بەرزەباڵاتر
لە مەستبوونێک دەگەڕاین لە نەشئە شەرابیرەنگتر
ساباتی خەونێکی باڵکراومان دەکردە پەناگە
تۆ بێباک لە شوناسی شەڕانگێزیی من دەتگووت:
سڵاو،
سڵاو ڕێبوار ئەرێ ماڵی جەنگەکان لە کوێیە؟
تا چێشتەنگاوی مەرگێک
لەسەر خوانی جەنگاوەرێکی خانەدان کۆبینەوە
تا بولێڵی ئێوارەی ژانێک، گەردنی ئیسماعێلی ئیمانێک
بۆ خوایەکی چاوسوور هەڵبڕین!
منیش بێئاگا لە مەرگدۆستی تۆ دەمگووت:
ماندوونەبیت،
ماندوونەبیت گەڕیدە
کام ڕێچکە نزیکترینە بۆ سەر کانی مەرگ؟
تا تینوویێتیمان بە خوێنی نەوەیەکی خەمسارد بشکێنین
تا بە دەستە تەڕەکانی دەریا باڵی نەورەسەکان بکەین

چ تاعونێکی ئاویی چارەنووسمانە!
لە دووڕیانی چاوەڕوانیەکی حەسرەتباردا لێکدەبڕێین
چاوم لێیە تۆ بە ئاونگی سەر گەڵا خوێناویەکان لێو تەڕدەکەیت
ئەو گەڵا فرمێسکاویانەی لە نێوان تامی خوێن و بۆنی گوێزدا گومڕابوون

چاوم لێیە تۆ سەری سنەوبەری ژیان و میوەی بەهەشت دەبڕیت
تا سینەت تژیبێت لە بۆنی گێلاسی مەرگ
چاوم لێیە بەدەم باڵکردنی هەڵۆ سوورەکانەوە هاواردەکەیت
ئەریَ پێمناڵێن کەی سەلامی ئەم کۆنوێژە بێتامە دەدەنەوە؟
نەفامینە غروری باڵتان بۆ چیە لەم شورشی درۆیەدا؟
لەو دوندە وشکانەی فڕین وەرنە خواریَ بۆ دەریا
فڕین پاداشتی خوایە بۆ تەنهایی
خواش فێڵی تەنهاییە لە ڕۆح
چاوت لێیە من بە ڕووتبوونەوەی سوورەچنارەکان لە پێخەڤی ئاودا
شەهوەتی (خوینگازم)م* دادەمرکێتەوە
دەرگانی دۆزەخ بۆ یاخیبوونی ئەسپە برسیەکان دەخەمە سەر پشت و
پێیان دەڵێم چیتر بە درۆی لەوەڕگەکانی بەهار فریوونەخۆن
سەوزی فێڵی بەهارە لە مێرگ
برۆن و بە ئاگر غوسلی حیلە و غاردانەکانتان دەرکەن
کە برسێتی چیرۆکێک بێت ناکۆتا
ژیان ئەوە ناهێنێت دڵی مێرگوزارەکانی لەسەر بڕەنجێنن
هەناسەدان چ بە هایەکی نیە تا بە پڕمەی ناوەختتان
دڵی سستی هەوای پێ بترسێنن
چاوت لێیە من قولاپ لە گەرووی ماسیە مەستەکان دەنێم و هاواردەکەم
ئەم گۆرانیە تەڕ و غەمگینەی ئێوەیە ناهێڵێت دەریا ژێر ببێتەوە
مەلەی ناکۆتای ئێوە لە دڵی ئاودا شەپۆلەکان دەهێنێتە هەلەکەسەما!
کە مەستبوون ووریابوونەوەی ڕۆح بێت لەم بێهۆشی و تێرامانە ووشکانەی ئاو
بێترس کاسی ئەم شەرابە سوورانەی عەقڵ لە وونبووندا بکەن بە خرخاڵ!
چاوت لێیە من پف لە مۆمە پیرەساڵەکان دەکەم و دەڵێم:
گومڕاییە شوعلەی بێبڕشتی ئێوە لەم خاکە ئاودارە، ڕۆشنە، خۆڵەمێشیانەی
گڵاوگڵ دەچنەوە سەر خۆڵەڕەشەکان و بیابانە و بیابان دەگەنەوە بە سەراب
گومڕاییە ڕۆناهی لە دڵ و بیری ئەو نەوە خەمساردانەی مەحکومن بە تاریکی

* خوێنگازم: وەک ئورگازم بەڵام بە خوێن و کوشتن نەک بە ماچ و عەشقکردن.

شوباتی 2004
OXFORD. ENGLAND